# یاسای هاتوچۆ

د.شاخەوان صابر احمد
زانكۆی جیهان-سلیمانی / كۆلیجی یاسا

**بەشی (٢٠) دەسەلاٌتەكانی پۆلیسی هاتووچۆ و مافی پیٌداچوونەوە**

**١- هیچ ئەفسەرێكی پۆلیس لە ناویاندا ئەفسەری هاتووچۆ مافی ئەوەی نییە پارە داوا بكات یان وەربگریت یان بدات بۆ هەر جۆرێك لە سەرپیٌچیەكانی هاتووچۆ، وهەموو پیٌبژاردنەكان راستەوخۆ دەدریٌت بە ئەفسەری ژمیٌریاری لە بارەگای كەرت لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە بەرواری ئە نجامدانی سەرپیٌچیەكە .**

**٢- ئەفسەری هاتووچۆ وەك ئەوەی پیٌناسەكراوە لە بەشی (١) برگەی (٩) لەم یاسایەدا دەسەلاٌتی دادگای كەتنی هەیە لە سەپاندنی سزای سەرپیٌچیەكانی كە لە بەردەمی روودەدەن كە دەقیان لە سەر هاتووە لە پاشكۆی (أ) لەم یاسایەدا، بەلاٌم سەرپیٌچیە یاسایەكانی تر كە سزایان گرتنە دەبیت لە لایەن دادگای تایبە تمەند ببیندریٌن(مەبەست لیٌی لیژنەی پیٌداچوونەوە نیە ) .**

**یاسای ژمارە ( ٢ ) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەرکارکردنی ژمارەی ( ٣٦ )ی سالی ٢٠٠٧ ی یاسای هاتووچۆی ژمارە ( ٨٦ ) سالی ٢٠٠٤ .**

**بەشی ( ٢١ ) لێخورینی بێ مۆلەت**

**یەکەم : هەرکەسێك سوارۆیەك ( مرکبە ) بە بێ مۆلەتی لێخورین یان لێ راکێشراو ، یا هەلوەشێنراو یا نا تایبەت بە بە جۆری سوراوەکە لێبخوریت ئەوە بە پێبژاردنێك لە ( ٢٥٠،٠٠٠ ) دوو سەد و پە نجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە ( ١٠٠٠٠٠٠ ) یەك ملیون دینار زیاتر نەبێ سزادەدرێت.**

**و ئەو کەسەی سوراۆیەکی لە بەردەستە( خاوەنی بێت یا لە ژێر دەستی بێت ) هەمان سزا دەدرێت ئەگەر رێگە بدات کەسێکی نا مۆلەتدار بە لێخورین ئەم سوارۆیە لێبخوریت**

**دووەم: لە حالەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی لە برگەی ( یەکەم ) ی ئەو مادەیە دەقی لەسەر کراوە،ئەوە سزاکە دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە ( ١ ) یەك مانگ کەمتر نەبێ و لە ( ٣ ) مانگ زیاتر نەبێ و پێبژاردنێك لە ( ٢٥٠٠٠٠ ) دووسەد و پە نجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە یەك ملیون دینار زیاتر نەبێ**

# بەشی ( ٢٢ ) لێخورین لە ژێر کاریگەری ماددەی سەرخۆشکار و هۆشبەر

یەکەم : هەرکەسێك لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکار ( مسکر ) یان هۆشبەر ( مخدر ) سوارۆیەك ( مرکبە ) لێبخوریت ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبیٚ لە ( ٣ ) سیٚ مانگ و زیاتر نەبیٚ لە ( ٦ ) شەش مانگ ، یان بە پێبژاردنێك کە لە ( ٥٠٠٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار کەمتر نەبێت و لە ( ١،٥٠٠،٠٠٠ ) یەك ملیون و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبیٚ سزادەدرێت و مۆلەتی لێخورینەکەی لیٚ رادەکێشریتەوە بۆ ماوەیەك لە ( ٣ ) سیٚ مانگ زیاتر نەبیٚ .

دووەم : لە حالەتی دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی لە برگەی ( یەکەم ) ی ئەو ماددەیە دەقی لە سەر کراوە، ئەو سزاکە دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبیٚ لە ( ٦ ) شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە ( ١ ) یەك سالٚ ، یان بە پێبژاردنێك کە لە ( ٢ ) دوو ملیون کەمتر نەبیٚ، لە گەل لێراکێشانی مۆلەتی لێخورینەکەی بۆ ماوەیەك لە ( ٦ ) شەش مانگ کەمتر نەبیٚ

سێیەم : لە كاتی ئەنجامدانەوەی تاوانەكە بۆ زیاتر لە دوو جار سەرەرای ئەو سزایانەی لە برگەی دووەمی ئەو ماددەیەدا هاتووە ولیێراكیێشانی مۆلەتی لیێخورینەكە بۆ ماوەیەك دەبیێت كە لە سێ ساڵ زیاتر نەبیێت.

چوارەم: دادگا بەریوەبەرایەتی هاتووچۆی پەیوەندیدار لە دەركردنی بریاری ی لیێراكیشانی مۆلەتی لیێخورین ئاگاداربكاتەوە لە دوای بنبربوونی حوكمی تاوانباركردنەكە .

*وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی تەندروستی رێنمایی پیێویست بۆ دیاریكردنی رێژەی ماددە كحولییەكان لە لەشی مرۆڤ دەردەكات .

# بەشی ( ٢٣ ) لێخورین بە کەمتەرخەمی و هەڵشەیی
# ( القيادة باهمال وتهور )

- یەکەم : هەر کەسێك بە هۆی لێخورینی سوارۆیەك ببێتە مایەی ئازار یان نەخۆشی گەورە( اذى او مرض جسيمين ) یان پەککەوتەیی هەمیشەیی( عاهه مستديمه ) بۆ کەسانی دیکە،یان سەروەت و سامانیان لە بەر رەچاونەکردنی یاسا و پێرەو و رێنماییەکان،ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە ( ٦ ) شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە ( ٢ ) دوو ساڵ زیاتر و بە غەرامەیەك لە ( ٧٥٠،٠٠٠ ) حەوت سەد وپە نجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە ( ١،٥٠٠،٠٠٠ ) یەك ملیون و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت لە گەل لێراکیشانەوەی مۆلەتی لێخورینەکەی بۆ ماوەیەك لە ( ٦ ) مانگ کەمتر نەبێت

دووەم : ئەگەر تاوانەکە ئەنجامدرابوو لە کاتی لێخورینی سوارۆیەکە بە سەرکێشی (رعونة) یان بێباکی (استهتار)، یان شۆفیرەکە لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکار( مسکر) بوو ، یان هۆشبەر( مخدر) بووبێت،یان یارمەتی ئەو کەسەی نەدابێت کەوا تاوانی لێکراوە، یان داوای یارمەتی نەکردبێت بۆی لە گەڵ بوونی توانای یارەمەتیدانی ئەوا سزاکەی دەبێت بە بەندکردن( الحبس) بۆ ماوەیەك لە (١) یەك ساڵ کەمتر نەبێ و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت وە یان بە پێبژاردنێك کە لە (١) یەك ملیون کەمتر نەبێت و لە (١،٥٠٠،٠٠٠) یەك ملیون وپێنج سەد هەزار زیاتر نەبێت، یان بە هەردوو سزایەکە لە گەڵ لێراکیشانەوەی مۆلەتی لێخورین بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێ .

## بەشی ( ٢٤ ) هۆکاری مردن دەرئەنجامی سەرکێشیکردن لە لێخوریندا( سبب الوفاة جراء المخاطرة بالقيادة )

١-سزادەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێ لە ( ٥ ) پێنج ساڵ وزیاتر نەبێ لە ( ٧ ) حەوت ساڵ وە بە پێبژاردنێك کەمتر نەبێت لە ( ١ ) یەك ملیون دینار و زیاتر نەبێ لە یەك ملیون و پێنج سەد هەزار دینار یان هەردووکیان هەرکەسێك ببێتە هۆکاری مردنی کەسێك لە ئەنجامی لێخورینی سوارۆیەکدا بە هۆی رەچاونەکردنی یاسا و پێرەو و بلاَونامە تاییە تمەندەکان .

- 2-سزاكە دەبێتە زیندانیكردن بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێت لە (٧) حەوت ساڵ و زیاتر نەبێ لە (١٠) دە ساڵ و بە پێبژاردنێك كەمتر نەبێت لە یەك ملیون وپێنج سەد هەزار دینار و زیاتر نەبێ لە (٣) سێ ملیون دینار یان هەردووكیان ئەگەر لە ئەنجامی تاوانی ئاماژەپێكراو لە برگەی(١) لەم ماددەیەدا زیاتر لە كەسێك مرد ، یان یەك كەسێك مرد و زیاتر لە كەسێك تووشی ئازار یان نەخۆشی گەورە یان پەككەوتنێكی هەمیشەیی بوو.

٣-سزادەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیك کەمتر نەبێت لە (٧) حەوت ساڵ و زیاتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ وە بە پێبژاردنێك کەمتر نەبێت لە سێ ملیون دینار و زیاتر نەبێت لە (٥) پێنج ملیون دینار هەر کەسێك ببێتە هۆکاری مردنی کەسێك لە ئەنجامی لێخورینی سوارۆیەکەی بە کەمتەرخەمی یان ناشارەزایی وە لە ژێر کاریگەری ماددەی سەرخۆشکار یان هۆشبەر دابوو یان رابکات بە بێ ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە رووداوەکە

٤-سزاكە دەبێتە زیندانیكردن بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێ لە (١٠) دە ساڵ و زیاتر نەبێ لە (٢٠) بیست ساڵ وە بە پێبژاردنێك كەمتر نەبێ لە لە (٥) پێنج ملیون دینار و زیاتر نەبێ لە (٧) حەوت ملیون دینار ئەگەر لە ئەنجامی تاوانی ئاماژەپێكراو لە برگەی (٣) لەم ماددەیەدا بووە هۆكاری مردنی زیاتر لە كەسێك یان مردنی كەسێك وئازارپێگەیشتن یان نەخۆشبوونی گەورە یان پەككەوتنی هەمیشەیی زیاتر لە كەسێك

# بەشی ( ٢٥ ) ناوچەکانی تایبەت بە پەرینەوە( ظرف مشدد )

١-بە بارودۆخی قورس هەژمار دەکرێت بۆ ئەو سزایانەی دەقیان لەسەر هاتووە لە بەشەکانی( ٢٣،٢٤ ) لەم یاسایەدا رووداوانی روداوەکە

لە ناوچەکانی تایبەت بە پەرینەوە پیادە لە رێگایەك کە ئاماژە وهێماکانی رێکخستنی پەرینەوەی لێ جێگیرکرابیت

یان شۆفێرەکە هەڵنەستا بە هاوکاریکردنی بەرکەوتوو بە گواستنەوەی راستەوخۆ بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی

یان هاوکاری نەکردنی بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان بێت ئەگەر نەیتوانی بیگوازێتەوە

یان جێهیشتنی شۆینی روداوەکە بە بێ رەزامەندی دەسەلاتی لێکۆلینەوە .

# بیانووی سووککەر( عذر مخفف )

٢-بە بیانووی سووککەر هەژماردەکرێت بۆ سزاکانی باسکراو لە هەردوو بەشی ( ٢٣،٢٤ ) ڕوودانی ڕووداوەکە

لە دەرەوەی ناوچەی پەرینەوە

یان شۆفێرەکە هەستا بە گواستنەوەی بەرکەوتوو ڕاستەوخۆ بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی،

یان پۆلیسی ئاگادار کردەوە لە ڕووداوەکە ئەگەر نەیتوانی بیگوازیتەوە بە هەر هۆکارێك بێت

## بەشی ( ٢٦ ) پەلاماردانی پۆلیسی هاتوچۆ یان دەست خستنە کارەکەیان

١-سزادەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٢) دوو ساڵ هەرکەسێك ڕێگری یان سوکایەتی بکات بە پیاوی هاتووچۆ لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا یان بە هۆی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی .

٢-سزادەدرێت بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێ لە (٣) سێ سال هەر کەسێك هەرەشە بکات یا پەلاماری پیاوی هاتوچۆ بدات لە کاتی جیبەجێکردنی ئەرکەکەی یان بە هۆی ئەرکەکەی .

٣-سزاکە دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٥) پێنج ساڵ هەر کەسێك هێرش بکاتە سەر ئەفسەری هاتوچۆ لە کاتی هەستان بە ئەرکەکەی وە ئەگەر لە ئە نجامی پەلاماردانەکە برینداربوو یا ئازاری پێگەیشت و ئەمەش نابێت ڕێگربێت لە سە پاندنی هەر سزایەکی قورستر کە بریاری لەسەر درابێت بە هەر یاسایەکی تر بۆ بریندارکردن و ئازاردان .

## بەشی( ٢٧ ) لێراکیشانەوەی مۆڵەتی لێخورین( سحب اجازة )

کاتێك دادگا حوکم دەردەکات بە تاوانبارکردنی کەسێك بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە

بۆی هەیە بریار بدات بە لێراکیشانەوەی مۆڵەتی لێخورین لە حوکمدراو بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە یەك ساڵ و زیاتر نەبێت لە ( ٣ ) سێ ساڵ،

وە بۆی هەیە بریاربدات بە بێبەشکردنی حوکم دراو کە مۆڵەتی لێخورینی سوارۆی نیە لە بەدەستهێنانی مۆڵەتی لێخورین بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەرواری کۆتایی هاتنی ماوەی بەندکردنەکە یان بەرواری حوکم دان بە پێبژاردن .

# بەشی ( ٢٨ ) سزای قورستر

ئەگەر دەقێکی یاسایی تر هەبوو لە سەر سزایەکی قورستر لە کاتی ئەنجامدانی یەکێك لەو کردەوانەی سزایان لە سەر هاتووە لەم یاسایەدا ئەوا سزا قورسەکە دەسەپێندریت.

# بەشی ( ٢٩ ) بەڵگەکانی سەلماندن

بۆ دادگاکان هەیە پشتببەستن بە وێنە و روونکردنەوە و بریارە وەرگیراوەکان بە هۆی هۆکاری پشکنین و پیوانی پلەی سەرخۆشی و ئامێرەکانی تۆمارکردنی سەرپیچیەکان وە هەروەها هێلکاری شوێنی رووداو کە رێکخراوە لە لایەن پیاوی هاتوچۆ کە پلەکەی نزمتر نەبێت لە پلەی ئەفسەری پۆل.